Kurdistan Net

Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris Aziz, OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.02.23 02:13:02 +01'00'

# (نوێنەران)ی کورد

حەمەسەعید حەسەن

چونکە عێراق لە دوو نەتەوەی گەورە پێک هاتووە، بۆیە دەبێت عێراق ببێتە دوو هەرێمی فیدرال: کوردستان و عەرەبستان، دەبێت کوردستان هەموو خاکی کوردستانی باشوور بگرێتەوە، دەبێت فیدرالی بە نەتەوەی کورد بدرێت، دەبێت هەموو سامانی کوردستان، موڵکی خەڵکی کوردستان بێت، دەبێت سەربازی ناکوردستانی مافی ئەوەی نەبێت، پێ بنێتە خاکی پاکژی کوردستانەوە، ئەوجاش دەبێت (نوێنەران)ی کورد لە ئەنجوومەنی حوکمی عێراق، بگەڕێنەوە بۆ لای گەلی کورد و پرسی پێ بکەن، ئاخر مافی ئەوەیان نییە لەبری کورد بڕیار بدەن و بۆیان نییە بەر لەوەی کورد قسەی کاربڕی خۆی لە ئەنجامی ڕیفراندۆمەوە کردبێت، ئەوان بە فیدرالی، با بێ کەموکووڕیش بێت، ڕازی بن.

ئێستا کاتی ئەوەیە کورد جاڕی سەربەخۆیی بدات، ئەگەرنا دەبێت داوای ئەوە بکات، کوردستان بکەوێتە ژێر باڵی یوئێنەوە و دوای ڕیفراندۆمێک کە خەڵکی هەموو هەرێمەکە بگرێتەوە، کوردستان بگەڕێتەوە بۆ ناو عێراقێکی فیدرال یان بە یەکجاری لە عێراق جیا ببێتەوە. جاڕدانی سەربەخۆیی هەنگاوێکی مەترسیدارە و دەشێت هەموو دراوسێ داگیرکارەکان ئابڵووقەیەکی خنکێنەر بخەنە سەر کوردستان و تەنانەت ڕێگە نەدەن شووشەیەک دەرمان بگاتە دەست کورد، وەلێ ئەوە تەنیا سەربەخۆییە کە شیاوی ئەوەیە کورد لە پێناویدا سڵ لە هیچ قوربانیدانێک نەکاتەوە.

دۆکتۆر مەحموود و دادیار دارا تەنیا نوێنەری خودی خۆیانن، مامۆستا سەلاحیش زێتر نوێنەری خەڵکی عەرەبستانی سعوودییە وەک لە کوردستانی جنووبی. بارزانی و تاڵەبانیش نوێنەری دوو حیزبن، نەک دەمڕاستی خەڵکی کوردستان. تەنانەت پەرلەمانی کوردستانیش چونکە وێڕای ئەوەی لانەی فایلڕەشانە، لەمێژە ئێکسپایەریش بووە، بۆیە مافی ئەوەی نییە، بە ناوی کوردەوە بدوێت. ئەمانە بێجگە لەوەی ئەنجوومەنی حوکمی عێراق، چونکە خەڵکی عێراق ئەندامەکانی هەڵنەبژاردووە، ئەنجوومەنێکە لە کارتۆن و ڕێی تێ دەچێت، سبەی ئەنجوومەنێکی هەڵبژێردراو لە هەموو بڕیارەکانی ئەو ئەنجوومەنە کارتۆنییە پاشگەز ببێتەوە و هەقی ڕەوای خۆشیەتی.

خەڵکی کوردستان داوای سەربەخۆیی دەکات و (نوێنەران)ی کوردیش سەرگەرمی دانوستاندنن لەسەر فیدرالی! عێراقچێتیی (نوێنەران)ی کورد زادەی ئەوەیە، ئەو پێنج کەسە، چواریان وابەستەی دەوڵەمەندەکانی کوردن، کە بەرژەوندی بازرگانی و داهاتووی گەشی خۆیان لە عێراقدا دەبیننەوە، پێنجەمیشیان نوێنەری ئوممەتی ئیسلامە، نەک نەتەوەی کورد.

2004. 02. 23